# هاواری ناسیۆنالیستەکانی کورد و هەڵوێست نواندنێکی دوو ڕووانە !

سالم کەریم
salm_kareem@yahoo. com

لەگەڵ ئەگەری ڕێکەوتنی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئاسان کاری کردن و ڕێگە خۆشکردنی هاتنی هێزی سەربازی ئەمریکا بۆ کوردستانی عێراق، ناسیۆنالیستی کورد هاواری لێ هەڵساوە و بە هەموو باوەڕێکیەوە ئەیەوێت بەر بە هاتنی تورکیا بگرێت بۆ دەخاڵەت کردن لە هەلومەرجی عێراق دا وەبە تایبەت کوردستان. دیارە نە پارتی نە یەکێتی بە خاتری چاوی کاڵی خەڵکی کوردستان نیە کە ئەمرۆ هاواریان لێ هەڵساوە و بە گازەندەن لە بەرامبەر هاتنی تورکیا بۆ کوردستان. بەڵکو بە خاتری پاراستنی دەستەڵاتەکانی خۆیانە. بەڵام لەو نێوەدا خەڵکانێکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریەکانی هەردوو حزبی ناوبراوەوە خۆیان لە پەنادەستی ئەوانەوە دبیننەوە، ئەمریکا بە ڕزگار کەری خەڵکی گشت عێراق لە قەڵەم دەدەن. بۆیە ئەوانەی کە دیانەوێت دژایەتی تورکیا بکەن بە بێ ئەوەی بە هەڵۆیێستی چەوتانەی خۆیاندا بچەنەوە کە تاکو ئێستاش چەپڵە بۆ لێدانی عێراق لێ ئەدەن لەلایەن ئەمریکاوە، وەك ئەوە وایە لەلایەکەوە چەقۆ دەکەن بە برینەکانی خەڵکی عێراق دا لەلایەکی کەشەوە فرمێسکی تمساحاوی دەڕێژن بۆ خەڵکی کورد.

هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە لەوە زۆر ڕەش ترە کە سەرانی پارتی و یەکێتی مەزەندەی دەکەن، جەختکردنی تورکیا و داکوتانی ڕمی چاوبرسییانەی خۆی لە هەلومەرجی عێراق و بەتایبەت کوردستان، بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا و بێ پێشینە نیە. هەلومەرجی دژواری ئابووری تورکیاو ترسی بێ ئەژماری لە مەسەلەی کورد و کومەڵێك هۆکاری تر، هۆی هاتنی تورکیا پێك دێنن. ئەگەر کەسێك کەمێك بەووردی چاو لە پەیوەندی تورکیا و ئەمریکا بکات، لەوە حاڵی دەبێت کە ئەمریکا زۆر لەوە واوەتر جێگەو ڕێگەی بۆ تورکیا کردوەتەوە لەحیساباتی سیاسی خۆیدا. ئەمرۆ سەرانی کورد دەیانەوێت بیبەنە پای بەراوردکردن لە گەڵ خۆیاندا. تورکیا لەوە حاڵی بووە کە ئەو هەلومەرجەی کە بۆی ڕێککەوتووە دەتوانیت زۆرێك لە کێشەکانی لە باری ئابووری و سیاسییەوە پێ چارەسەر بکات.

سەرباری ئەوەی کە تاکو ئێستا تورکیا لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا پەیوەندی هەیە، بەلاَم دڵنیایە، ئەگەر لە بەردەم ئەمریکادا ئاسانکاری بکات، بەشی خۆی بەردەکەوێت لە سەروەت و سامانی عێراق کە سبەی ڕۆژ لەدوای صدام حوسێن ئەمریکا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات. مەسەلەی ڕێگەخۆشکردن بۆ هاتنی ئەمریکا لە خاکی تورکیاوە تەنیا ئەوە نیە کە تورکیا لە کوردەکان دەترسێت ئەویش دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە بێتە کوردستانەوە، بەڵکو زۆر لەوە گلاَو ترە. ئەمریکا بۆ پاراستنی هێزەکەی، پێویستی بەهێزێکی کارگەرو ئامادەو بەهێزە بۆیە ئەمە لە سەرانی کورد و گشت ئۆپۆسزیۆنی عێراقیدا نابینێتەوە، بۆیە باشترین هێز کە جێگەی متمانەی ئەمریکا بێت تورکیایە، کە دیارە لەبەرامبەر ئەمەدا تورکیاش بێ دەستکەوت ئەو هاوکاری و ئاسان کاریە ناکات.

ناسیۆنالیستەکان بۆ ماوەی ١٢ ساڵە مامەڵە بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن، کەچی ئەیانەوێت بەم هەڵۆێستە سەیرو سەمەرەیەی ئەمرۆیان دووبارە خۆڵ بکەنەوە چاو خەڵکی کوردستان کە دەست لەسەر سینگ ڕاوەستن لە پێشوازی کردنی سوپای داگیرکەرو کاول کەری ئەمریکا، لەهەمان کاتێشدا هاواریان لێ هەستاوەو دەڵێن نابێت تورکیا بێتە ناو خاکی عێراقەوەو ئێمە ڕێگە نادەین. زۆر سەیرە ئەمانە لەلایەك دانیشتنی نهێنی دەکەن لەگەڵ جەنراڵەکانی تورکیا و نوێنەرە بێ ناونیشانەکەی ئەمریکا"زەڵمای خەلیل زادە" کەتاکو ئێستا دیار نیە چ پەیامێکی پێیە بۆ خەڵکی کورد. لەم کەین و بەینانەدا، لەلایەکی ترەوە ئەیانەوێت "برا تورکمانەکانی"دۆێنێیان بکەن بە دووژمنی ئەمرۆی خەڵکی کوردستان. ئەی بڕیار نەبوو لەسەر هەموو شتێك لەگەڵ برا تورکمانەکانیان ڕێککەوتبن، سەرانی پارتی یەکێتی، ئەی بڕیار نەبوو ئەوان دەستی هاوکاری و برایەتی بۆ خەڵکی کوردستان درێژ بکەن بەپێی قسەکانی یەکێتی و پارتی. ئەم هەموو قسە بریق و بێ ناوڕۆکانەی سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد چییان بەسەر هات؟ بۆ لەماوەیەی چەند شەو ڕۆژێك دا هەموو پێوەرەکانی نێوان جەنەراڵە خوێن مژەکانی تورکیاو سەرانی کورد ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات ؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە تاکو ئێستا نە یەکێتی و نە پارتی مل نادەن بە وەلاَم دانەوەیان.

هیچ کەسێك گومانی لەودا نیە کە ڕژێمی تورکیا لە ڕژێمی عێراق کەمتری نەکردووە بە خەڵکی کورد لە تورکیاو بۆ یەك ساتەوەختیش بێت خەڵکی کوردستان خۆشباوەڕیەکیان بە سوپا هاروودڕندەکەی جەنراڵەکانی تورکیا نەبووە، بەلاَم ئەوە سەرانی ناسیۆنالیستی کورد بوون کە بەپێش چاوی خەڵکی کوردستانەوە ڕێگەیان بۆ میتی تورکی خۆش دەکرد کە بە کەیف و ئارەزووی شۆڤێنیانەی خۆیان پێی کۆنەپەرستی و شۆڤێنی لە سینگی کوردستان قایم بکەن. ئەبێتە مایەی دووبارە کردنەوەیەکی سواو ئەگەر بڵێم مێژووی ئەحزابی کوردی بریتی بووە لە نۆکەری کردن و ماستاو ساردکردنەوە بۆ وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، ئیتر هەر لە هێنانی سەربازی سوپا خوێنڕێژەکەی سەددام حوسێن بۆ هەولێرو هاتنی سوپای کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی بۆ ڕاووکردنی ئۆپۆسزیۆنی ئێرانی لە ناوچەی ژێر دەستەلاَتی ینك و هاتنی بەردەوامی سوپای تورکیا بۆ کوردستان بەبەرچاوی ئەوانەوە بۆ سەر چەکدارەکان و بارەگاکانی پ ك ك، بەلاَم چونکە سەرانی

www.kurdistannet.org
05/03/2003 23:49

یەکێتی و پارتی هەمیشە ئەیانەوێت خۆڵ بکەنە چاو خەڵك لە چاوەڕوانیەکی ڕەزیلانەدا ڕایانگرن و سوك و بێ نرخیان بکەن لە بەرچاوی هەموو دنیادا، ئێمە ناچاردەبین هەمیشە بڵێین ئەرێ ئێوە تا کەی ئەم بێحورمەتیە ڕاناگرن لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان.

هاتنی تورکیا بۆ کوردستان بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا نیە. جا تکایە مەرحەمتێك بکەن لە میوانە بەرێزەکەتان" زەڵمای خەلیل زادە" بپرسن، هاتنی تورکیا بۆ کوردستان چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ هاتنی ئەمریکا و بۆمبابارانکردنی خەڵکی بێتاوانی عێراق بە هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانیەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی دروستی خۆتان وەربگرنەوە کە ئەوان ڕازین بە هاتنی تورکیا یان نا. دلنیام ئێوە جورئەتی ئەو پرسیارەتان نیە لەمەصلەحەتیشتاندا نیە بیکەن، بەڵام پێشهاتە سیاسیەکان ئەوە پیشان دەدەن کە سەرانی کورد ئەگەر بێت دەستەلاّتەکەیان پارێزراو بێت، ئەوە کێشەیەکان نیە کە هاتنی تورکیا لەسەر حسێبی کێ دەبێت یان کێ دەبێتە قوربانی بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی نێوان ئەوان جەنەراڵەکانی تورکیاوە.

هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە یەکەم خاڵە ترسناکەکانی لە هەڕەشەکانی تورکیاوە دەستی پێ کرد، جا ئیتر دبێت خەڵکی عێراق لەوە زباتر چاوەڕوانی چی بن لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە بە نیازن تازەترین چەك بەسەر خەڵکی عێراق دا ببارێنن لەم شەڕەدا کە کەس نازانی چ جۆرە کارەساتێکی ترسناك دەکەنە دیاری بۆیان. شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەستەلاّتەکی تالیبانی لە ناو برد، بەڵام باشترین رووحی خستەوە بەر ئیسلامی سیاسی دا کە بە ئاشکرا دەبینین ئیسلامیەکان دێنە سەر جادەکان خۆپیشان بکەن ڕەسمی بن لادن بەرز دەکەنەوە وە. ئەدی کێ دەلێ ئەمشەرەش سەددام حوسێن ناکات بەڕەمزی ناسیۆنالیزمی عەربی بۆ چەند دەیەیکی تریش مانشێتی هەموو ڕۆژنامەو میدیاکانی دنیا داگیر ناکات. ڕەنگە شەڕی ئەم جارەی ئەمریکا یەك جیاوازی هەبێت ئەویش ڕێکەوتنی صەدام حوسێن و ئەمریکا لە" خێمەکەی صەفوان"نەبێت بەڵکو لەژێر چەتر ئاشتکردنەوەی سەرانی ناسیۆنالیزی کورد و سەددام و ئەو ئۆپۆزسیۆنە پەکەوتەیە بێت کە زۆرێکیان لە کۆنە بەعسی و کونەپەرستانی ئیسلامی پێك هاتوون لە نمونەی نزار ئەلخەزرەجی و مشعان جبووری، نجم صالحی و هتد. جا ئیتر دوای ئەو هەموو هەوڵ و قوربانی دانانەی کە خەڵکی کوردستان داویانە، دەکرێت شایەستەی ئەم جوارە ئاکامانە بن، دەکرێت ئەو کۆنە بەعسیانەی کە تاکو دوێنی زۆر بە دڵسۆزیەوە بڕیارەکانی سەددام حوسێن یان ئەنجام دەدا، دووبارە ببنەوە بە مۆتەکەی سەر ژیانی گشت خەڵکی عێراق بە گشت کەمە نەتەوایەتیەکانیەوە.

ڕاستیەکەی هاورای دووڕووانەی ناسیۆنالیزمی کورد لەبەر ئەوە نیە کە تورکیا دێتە ناو کوردستانەوەو زەرەری گەورە بە خەڵکەکەی دەگەێنێت، چوونکە زۆر جار ئەم کارەی کردووە، بەڵکو لەوێوەیە کە دەیەوێت حکومەتەکەی پارتی یەکێتیش کۆتای پێ بێنێت. ئەمان زیاتر بەمە قەلسن، بۆیە ئەو دەستکەوتەی ئەمڕۆ پاراستنێکی زۆر لەوە زیاتری پێویستە کە سەرانی حیزبە کوردیەکان بانگێشەی بۆ دەکەن، خەڵکی کوردستان بە پشت بەستن بە هێزی خۆیان دوور لە کاریگەری ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەبێت دژی هەموو پلان و ئەو ڕێککەوتنانە بن کە لەسەرووی ئەوانەوە دەکرێت چ لەگەڵ تورکیا و چ لە گەڵ ئەمریکا، و بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەن کوردستان بکرێت بە مەیدانی شەڕو دووبارە بوونەوەی کارەستێکی تری چەشنی هەڵەبجەو ئەنفال و دەردەسەری زۆر لەوانە کوشندەتر.

٢/مارسی/ ٢٠٠٣ ڤانکۆڤەر

تێبینی کوردستان نێت:
مەرج نیيە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.
ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣